


### سوپرایزێکی خۆش بۆ هاندەرانی بارسێلۆنا و کۆرینسیانزی بەرازیلی..

# جامەکانی مۆندیال لە ریال مەدرید و میلان وەردەگیرێنەوە

رووداوی وەرزشی - CNBC

یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی (فیفا) لە بڕیارێکی چاوەڕواننەکراودا، جەماوەری یانەکانی ریال مەدرید و ئەی سی میلانی ئیتاڵی تووشی شۆک کرد، کاتێک رایگەیاند دان بەو جامانەی مۆندیالی یانەکاندا ناهێنێت، کە پێشتر بەناوی جامی ئینتەرکۆنتینینتال ئەنجام دەدران.

رۆژنامەی ئیستادۆ دی ساپاولۆ، رایگەیاند فیفا بڕیاریداوە دان بە نازناوی جامی ئینتەرکۆنتینینتالدا نەهێنێت، بەو پێیەی یاری دیاریکردنی پاڵەوانی جامەکە تەنیا لەنێوان هەردوو براوەی نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا و جامی لیبرتادۆریس ئەنجام دەدرا و نووسیویەتی «ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە جامەکە تاوەکو بەر لە ساڵی 2000یش بەڕێوەچووە».

بەپێی ئەو رۆژنامەیە سوودمەندترین یانە لەم بڕیارەی فیفا هەردوو یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی و کۆرینسیانزی بەرازیلیین، زەرەرمەندترینیشیان هەردوو یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی و ئەی سی میلانی ئیتاڵین، بەو پێیەی هەریەکەیان 3 نازناویان بردووەتەوە.

رۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتالۆنیش، لەو بارەوە رایگەیاند «پێویستە هاندەرانی بارسێلۆنا زۆر دڵخۆش بن لەدوای ئەم بڕیارەی فیفا، چونکە بارسێلۆنا لە ئێستاوە خاوەنی زۆرترین نازناوی مۆندیالی یانەکانە، کە 3 جار بەدەستیهێناوە، یانەی کۆرینسیانزی بەرازیلیش دێتە ریزی ریال مەدرید، کە هەریەکەیان دەبێتە خاوەنی 2 نازناوی مۆندیالی یانەکان».

WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (435) سێشەممە 2017/1/31 11ی رێبەندان - 2716 (500) دینار
رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

### ناوبژیوانانی ئیسپانیا قوربانی ململانێی نێوان بارسیلۆنا و ریال مەدریدن..

# ریال (ناوبژیوان) بارسا





3

### ئامێری "ئاشکراکردنی درۆ" ناوبژیوانان دەخاتە بەرەی بارساوە

### مەدریدییەکان: بەشێکی زۆری ناوبژیوانان هاندەری مێسین


### یاریزانێکی بۆندسلیگا لەسەر سەلەفییەت دەرکرا




4


### رۆژین محەممەد..

### ئەو کچە یاریزانەی 2 جار پێشمەرگەیە



2

### پیرێز لەبەر بنزیمە هەڵوێست لەدژی زیدان وەردەگرێت




5

# "ناوبژیوانان یارمەتی یوڤێ و میلان دەدەن"

5

رووداو وەرزشی
ژمارە ( 435 )
سێشەممە 2017/1/31



یاریزانێکی بەتوانا

**عومەر قاسم**

هیشام بەشار، یەکێکە لە یاریزانە بەتواناو لێهاتووەکانی ناحیەی قەسروک، ئەو بەهۆی بەهرەو تواناکانی لە یاری تۆپی پێدا زۆر لە هاندەرانی دەڤەری بادینانی سەرسام کردووە. هیشـام، کە لەدایکبووی 1998/1/20ە، هەر لەمندالّییەوە خولیای تۆپی پێ بووەو یاری بۆ چەندین تیپ کردووە. ئێستا یاریزانی تیپی شەهید مێڤان قەسروکییە، لە هێڵی بەرگری یاری دەکات. چەندین نازناوی لەگەڵ ئەو تیپ و یانانە بەدەستهێناوە کە یاری بۆ کردوون. هیشام جگە لەوەی بەردەوامە لە یاریکردن، لە هەمانکاتدا قوتابیشە و بایەخ بە خوێندنەکەیشی دەدات. ئەو دەڵێت «ئاواتمە رۆژێک بتوانم یاری لە خولی نایابی کوردستان بکەم و بتوانم زیاتر خزمەت بە وەرزشی دەڤەرەکەم بکەم».

دوای 2 ساڵ سڕکردن ئێستاش پێیدەڵێن دەبێ داوای لێبوردن بکەی..

# پاڵەوانێکی کورد لە رقی بەرپرسانی عێراقی واز دەهێنێت

**کارزان کانەبی**
**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

ئەرپاک وریا قانع، پاڵەوانی یاری شەترەنجی کوردستان بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند «بەهۆی یاری کردنم لەگەڵ شەترەنجزانێکی ئیسرائیلی، یەکێتی شەترەنجی عێراقی 2 سڕی کردووم، ئێستاش کە سزایەکەم تەواو بووە دەڵێن داوای لێبوردن بکە ئەوکات سزایەکەت لەسەر لادەبەین، بەڵام من بڕیارم داوە تاوەکو ئەوان بەرپرسی وەرزش بن ناگەڕێمەوە».

ئەرپاک وریا، ئەو پاڵەوانە شەترەنجزانەیە، کە ماوەیەکی زۆر خزمەتی وەرزشیی شاری هەولێر، کوردستان و عێراقی کردووەو لە پاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتییەکاندا ئەنجام و دەستکەوتی شایستەی بەدەستهێناوە، بەڵام بەهۆی یاری کردنی لە پاڵەوانیەتییەکی دەرەوە لەگەڵ یاریزانێکی ئیسرائیلی بۆ ماوەی 2 ساڵ لەلایەن یەکێتی شەترەنجی عێراقی سزادرا. بەڵام ئەو کە ئێستا سزاکەی تەواو بووە هێشتا ناتوانێت دەست بە یاریکردن بکاتەوە، لەبەرئەوەی یەکێتی شەترەنجی عێراقی مەرجێکی دیکەی بۆ داناوە بۆ ئەوەی بەتەواوی لێیخۆش بێت و بتوانێت دەست بە یاریکردن بکاتەوە.

ئەرپاک، لەو بارەوە تایبەت بە (رووداوی وەرزشی) گوتی «یەکێتی شەترەنجی عێراقی پێمدەڵێت پێویستە داوای لێبووردن بکەی، لەسەر ئەوەی بەرامبەر شەترەنجزانێکی ئیسرائیلی یاریت کردووە، بەڵام من بەو مەرجەیان رازی نابم».

ئەو شەترەنجزانە کوردە، لە بەرامبەر ئەو داوایەی بەرپرسانی وەرزشیی شەترەنج لە بەغداد بڕیاری وازهێنانی داوەو ئێستا بەتەواوی لە دونیای شەترەنج دوورکەوتووەتەوە، ئەو لەو بارەوە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «ئێستا ماوەی سزاکەم تەواو بووە، بەڵام یەکێتی شەترەنجی عێراقی سوورە لەسەر ئەوەی داوای لێبوردن بکەم، منیش ئەو داوایەی ئەوانم رەتکردووەتەوە، چونکە من شەترەنج دەکەم و شەترەنجم خۆشدەوێ، ئەوان شەترەنجیان خۆش ناوێ، پاساو بۆ دوورخستنەوەی من دەبیننەوە، هەرچەندە بەرپرسی وەرزشیشین، من توانیم سەرکەوتووبم لە وەرزشدا، بەڵام ئەوان شکستیان هێنا».

ئەرپاک وریا، لەبارەی هەڵوێستی یەکێتی شەترەنجی کوردستانیش، گلەیی هەبوو، ئەو گوتی «بەداخەوە بەرپرسانی یەکێتی شەترەنجی کوردستان هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو، پشتگیری منیان نەکرد وەک یاریزانێکی کورد، کە بینییان بە ئاشکرا غەدرم لێکراوە، بەڵام ئەوان هیچیان پێ ناکرێت، چونکە ئێمە لە هەموو روویەکەوە سەر بە بەغداین».

## ئەرپاک وریا:
## ئامادەنیم داوای لێبوردن بکەم لەسەر ئەوەی یاریم لەگەڵ شەترەنجزانێکی ئیسرائیلی کردووە

ئەرپاک وریا، کە بە قسەی خۆی وەک یاریزان بەتەواوی لە شەترەنج دوورکەوتووەتەوە، بەڵام ئێستا بووەتە راهێنەری کوڕەکەی و دەیەوێ بیکاتە شەترەنجزانێکی بەتوانا «ئێستا من وەک یاریزان بە تەواوی دوورکەوتوومەتەوە لە شەترەنج، تەنیا ئەوە نەبێت کە بوومەتە راهێنەری کوڕەکەم، خەریکی مەشقدانەوەی ئەوەم». هەروەها گوتیشی «ئێستا بارودۆخی داراییم باش نییە، ئەگەرنا هەوڵم دەدا فێرگەیەک بکەمەوە، هەر کاتێکیش هەر دەزگا و لایەنێک هەبێت هاوکاریم بکات فێرگەیەکی پێ گەیاندنی شەترەنجزانان دەکەمەوە لە کوردستان».



# رۆژین محەممەد..
# ئەو کچە یاریزانەی 2 جار پێشمەرگەیە



**عەبدولقەهار مەحموود**
**رووداوی ورەزشی - سلێمانی**

کچە یاریزانێکی گۆڕەپان و مەیدانی کورد، دووجار پێشمەرگەیە، چونکە جگە لەوەی یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانە، وەک پێشمەرگەیەکیش پارێزگاری لە خاکی کوردستان دەکات. ئەو کچە رۆژین محەممەدی یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانییە.

رۆژین، دانیشتووی شاری زاخۆیە، یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقە و ئێستا یاری بۆ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی دەکات. سەرەتای کاروانی وەرزشیی رۆژین بۆ ساڵی 2010 دەگەڕێتەوە، کە لە یانەی پێشمەرگەی هەولێر دەستی بە یاری کردووە. پاشان پەیوەندی بە یانەی پێشمەرگەی سلێمانییەوە کردووە. ئەو یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانە لە پێشبڕکێیەکانی 100 مەتر، 200 مەتر و 400 مەتر راکردن.

رۆژین، خاوەن ئاستێکی بەرزە، بەبەڵگەی ئەوەی بەشداری لە چەندین خول و پاڵەوانیەتییدا کردووەو چەندین دەستکەوتی هەبووە. ئێستا ئەو یاریزانە پێشمەرگەیە خاوەنی چەند نازناوی تاکەکەسییە و چەندین نازناوی لەگەڵ یانەکەیشی بەدەستهێناوە. ئەو بە (رووداوی وەرزشی) گوت «گرنگترین نازناوی تاکەکەسیم بەدەستهێنانی پلەی یەکەمی پێشبڕکێی 400 مەتر راکردن بوو لەسەر ئاستی عێراق.

رۆژین، زیاتر گوتی «ئێستا لەلایەن راهێنەرکی تایبەتی خۆم لە شاری زاخۆ مەشقەکانم دەکەم، نامەوێ ئاستم دابەزێت، لەبەرئەوەی ناتوانم بە بەردەوامی بچمە مەشقەکانی یانەکەم لە شاری سلێمانی، لەبەر نەبوونی بودجەی پێویست».

رۆژینی کچە یاریزان و پێشمەرگە، بۆ (رووداوی وەرزشی) باسی خزمەتی خۆی وەک پێشمەرگەیەکیش لە پاراستنی خاکی کوردستان کردو گوتی «من بێجگە لە وەرزش، پێشمەرگەشم و شان بەشانی برا پێشمەرگەکان لە بەرەکانی جەنگ پارێزگاری لە کوردستان دەکەم، بۆ من هەردووکیان دوو ئەرکی زۆر پیرۆزن و لەلای من زۆر گرنگن». هەروەها گوتیشی «من کاتەکانی خۆم دابەشکردووە، بەڵام ئێستا بەهۆی نەبوونی هیچ پاڵەوانیەتییەکی گۆڕەپان و مەیدان زیاتر بە کاری پێشمەرگایەتی خەریکم، پەنا بەخوا ئەوەی لە توانامدا بێت بۆ خزمەتی کوردستان دەیکەم، بەتایبەتیش بۆ یانەکەم».

لە سەیدسادقەوە بۆ هانۆڤەر..

# یانەکانی ئەڵمانیا چاویان بڕیوەتە گەنجێکی سەیدسادق

**هەرێز جەمال**
**رووداوی وەرزشی - سلێمانی**



یاریزانێکی گەنجی کورد، کە بەڕەگەز خەڵکی قەزای سەیدسادقە، دەبێتە جێگەی بایەخی چەند یانەیەکی ئەڵمانی. باوکی ئەو یاریزانە کوردە، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند «یانەکانی ڤێردەربریمەن، هانۆڤەر و برونشوایگ هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی تواناکانی کوڕەکەم دەدەن، بەڵام یانەکەی ئێستای رێگەی پێنادات بڕوات».

ئەو یاریزانە گەنجە، کە لەدایکبووی شارۆچکەی سەیدسادقە، ناوی هیوا مەریوان مەحموودە، ئێستا لە وڵاتی ئەڵمانیا ژیان بەسەردەبات، بووەتە جێگەی تێڕوانینی یانەکانی ئەو وڵاتە. مەریوان مەحموودی باوکی هیوا، بە (رووداوی وەرزشی) گوت «تەمەنی کوڕەکەم 16 ساڵە، ئێستا لە یانەی گۆدسۆنی شاری هانۆڤەر یاریدەکات و بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی هەیەتی بووەتە جێگە سەرنجی بەشێکی زۆری یانەکان و دەخوازن بیبەنە ریزەکانیان».

باوکی هیوا، هەروەها گوتیشی «چەندینجار لە رێگەی وەرگێڕەکەمانەوە داوای لێکراوە یاری بۆ یانەی برۆنشوایگ بکات، بەڵام جارێک بە هەڵپسێردراوی ماوەتەوەو لە یانەی گۆدسۆن بەردەوامە، چونکە بەرپرسانی یانەکە ئێستا رێگەی رۆیشتنی پێنادەن». مەریوان لە درێژەی قسەکانیدا گوتی «هاوکات چەند کەسێکی نزیکی خۆیشی داوایان لێکردووە پەیوەندی بە تێستی یانەی ڤێردەربریمەنەوە بکات، چونکە ئاستێکی بەرزی هەیەو دەتوانێت جێگەی لە ریزەکانی ئەو یانەیە بکاتەوە، بەڵام من زیاتر مەبەستمە لە ریزەکانی هانۆڤەر یارییبکات، چونکە لای خۆمانەو لەو شوێنەیە خۆمانی لێ نیشتەجێین نزیکە».

KOREK Telecom

ئۆفەرێك بۆ بەشدارانی پاکێجەکانی ئینتەرنێتی کورەك
ڕۆژانە ئینتەرنێتی بێسنوور بەخۆڕایی وەربگرن



ئێستا سەرجەم بەشدارانی پاکێجەکانی ئینتەرنێتی Extra G دەتوانن هەموو ڕۆژێك بەشێوەی ئۆتۆماتیکی ئینتەرنێتی خۆڕایی وەربگرن لە کاتژمێر 1ی شەو تاکو 7ی بەیانی.
ئەم ئۆفەرە بۆ سەرجەم بەشدارانی پاکێجەکانی ئینتەرنێت بەردەستە بەبێ هیچ خەرجییەکی زیدە.

بۆ بەشداریکردن لە پاکێجە جۆراوجۆرەکانی ئینتەرنێت کە ئەم ئۆفەرە دەیگرێتەوە، پەیوەندی بکەن بە: #250* یان #360* یان #257*

korektel.com
411



نزیکن

رۆژنامەی مارکای ئیسپانی راپۆرتێکی بڵاوکردەوەو تێیدا لەسەر ئاستی لێدانە راستەوخۆکاندا بەراوردێکی لەنێوان هەردوو ئەستێرەی بارسێلۆنا و ریال مەدرید، هەریەک لە رۆناڵدۆ و مێسی کردووەو دەڵێت «رۆناڵدۆ و مێسی هەریەکەو 3 لێدانی راستەوخۆیان گۆڵ کردووە لەم وەرزەدا». بەڵام مارکا ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە رۆناڵدۆ لە سەرەتای وەرزەوە 29 لێدانی راستەوخۆی جێبەجێ کردووە، رێژەی سەرکەوتنی 10%یە، هەرچی مێسییە 25 لێدانی راستەوخۆی جێبەجێ کردووە، رێژەی سەرکەوتنی 12%یە، ئەو رێژەیەش زۆر لە یەکدییەوە نزیکەو هاوسەنگی نێوان ئەو دوو ئەستێرەیە لەو لایەنەوە دووپات دەکاتەوە.





ئایا ناوبژیوانان یارمەتی بارسێلۆنا دەدەن یان ریال مەدرید؟!..

# ناوبژیوانانی ئیسپانیا قوربانی ململانێی بارسا و ریالن

ئا: رووداوی وەرزشی

دوای ئەوەی ئەو گۆڵە 100% دروستەی ئەلیخاندرۆ هێرناندێزی ناوبژیوان، لە گەڕی 20ی لالیگادا بۆ بارسای ئەژمار نەکرد لەدژی ریال بیتیس، جارێکی دیکە شەڕی کەتالۆنی و مەدریدییەکان لەسەر ناوبژیوانان دەستپێکردەوە، کە هەمیشە میدیای هەریەکێکیان ناوبژیوانانی خولی ئیسپانی بە یارمەتیدەری ئەوەی دیکە تۆمەتبار دەکەن.

## باسکییەکان پاڵپشتی مەدریدییەکانن

بەر لە چەند رۆژێک رۆژنامەو دەزگاکانی راگەیاند لە هەرێمی کەتالۆنیا هەڵمەتێکی گەورەیان لەدژی ناوبژیوانانی خولی ئیسپانیا دەستپێکردو رایانگەیاند «ئەمساڵ ناوبژیوانان بە ئاشکرا یارمەتی ریال مەدرید دەدەن». کەچی دوای دوو یارییەکەی بارسێلۆنا و ریال سۆسیداد لە چوارچێوەی جامی شای ئیسپانیادا، خەڵکی هەرێمی باسک پشتگیرییان لە ریال مەدرید کرد و هەڵمەتێکی گەورەیان لەدژی بارسا دەستپێکرد. تەنانەت سیاسەتمەدارانی ئەو هەرێمەش بێدەنگ نەبوون لە هێرشکردنە سەر کەتالۆنییەکان.

دوای دۆڕانەکەی ریال سۆسیدادی یانەی شاری سان سباستیانی سەر بە هەرێمی باسک، لە یاریگەی ئەنویتا، کە 10 ساڵ بوو بارسا نەیتوانیبوو لەو یاریگەیەدا شکست بە یانە باسکییەکە بێنێت، لە راگەیاندن و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، باسکییەکان هێرشیان کردە سەر ناوبژیوانان و بە یارمەتیدەری بارسا تۆمەتباریان کردن.

ئەوان پێیانوابوو لیۆنێل مێسی ئەستێرەی بارسا لەو یارییەدا 2 جار شایەنی کارتی سوور بوو، بەڵام گۆنزالیزی ناوبژیوان نەیویست مێسی دەربکات، تەنانەت ئەسیر ئیارامێندی ئەستێرەی

## کەتالۆنییەکان: ناوبژیوانان مێسییان خۆشدەوێ، لەبەرئەوەی رێزیان لێدەگرێت



ریال سۆسیداد، کە پێشتر یاریزانی ریال مەدرید بوو، بە ئاشکرا رەخنەی لە ناوبژیوان و مێسی و بارسای گرت، لەدوای یاری دووەمیش، جارێکی دیکە لە تویتەرەکەی نووسیبووی «ئەگەر مێسی درێسێکی دیکەی لەبەربووایە بە کارتی سوور دەردەکرا، دووبارە دزییان لێکردین، بەداخەوە ماندوو بووین».

ئەمجارەیان کارگەیشتە ئەوەی سیاسەتمەدارانیش قسە لەسەر ئەم پرسە بکەن، بۆ نموونە رامۆن گۆمێز ئۆگالدی جێگری سەرۆکی پارتی گەلی ئیسپانی، هێرشێکی توندی کردە سەر بارسا و ناوبژیوانان و گوتی «لە یاری بارسا و ریال سۆسیدادا ناوبژیوان لەوێ نەبوو». هەروەها هێرشێکی توندی کردە سەر یاریزانانی بارسا و گوتی «یاریزانانی بارسا بە گریان و فێڵ و پاڕانەوە یارییەکانیان دەبەنەوە». کە مەبەستی یارمەتیدانی ناوبژیوانانە.

## ناوبژیوانان هاندەری مێسین

لە سەرانسەری ئیسپانیا، بەتایبەتیش لە مەدرید و باسک، بەشێوەیەکی دیکە هێرش کرایە سەر ناوبژیوانانی ئیسپانیا و بەوە تۆمەتبارکران کە یارمەتی زۆری بارسێلۆنا دەدەن بەهۆی بوونی لیۆنێل مێسی لە ریزەکانی ئەو یانەیە. بۆ نموونە ماڵپەرێکی ئیسپانی نووسیویەتی «بەداخەوە بەشێکی زۆری ناوبژیوانانی ئیسپانیا هاندەری مێسین، ئەوان مێسییان خۆشدەوێت، لەبەرئەوە ئاساییە ئەگەر زۆرجار بڕیار لە بەرژەوەندی ئەو بدەن، یان زۆرجاریش چاوپۆشی لە هەڵەکانی مێسی بکەن».

لە ئاست ئەم تۆمەتانەدا، کەتالۆنییەکان بێدەنگ نەبوون، ئەوانیش بەشێوازی خۆیان بەرگرییان لە مێسی کرد و رایانگەیاند «راستە ناوبژیوانانیش وەک هەر خەڵکێکی دیکە مێسییان خۆش دەوێت، بەڵام ئەوە وایان لێناکات کە لەبەر مێسی لە یاسا لابدەن و خۆیان و ناوبانگیان ناشیرین بکەن». کەتالۆنییەکان هەروەها دەڵێن «زۆربەی ناوبژیوانان کەسایەتی مێسییان خۆشدەوێ، لەبەر رەفتار و رەوشتی بەرزی ئەو یاریزانە لەنێو یاریگەدا، کە هەرگیز سووکایەتی بە ناوبژیوانان ناکات و ماندوویان ناکات». ئەوان بەشێوەیەکی نا راستەوخۆ هێرشیان کردە سەر یاریزانانی ریال مەدرید، بەتایبەتیش کریستیانۆ رۆناڵدۆ، چونکە دەڵێن «بێگومان ناوبژیوان ئەستێرەی خاکی و خۆبەکەمزانی خۆشدەوێ و رقی لە یاریزانی لەخۆبایی و خۆبەزلزانە، ئەو یاریزانانەی خۆش ناوێ کە رێزی لێناگرن». بۆ ئەوەش قسەکانی ناوبژیوانی بەناوبانگی بەرازیلی، هێبەر لۆپێز بە بەڵگە بە دەهێننەوە، کە پێشتر لەبارەی مێسییەوە گوتوویەتی «لیۆنێل مێسی یەکێکە لە رێزدارترین وەرزشوانان، لەنێو یاریگەدا زۆر خاکییە، خۆی پێ گەورە نییە، زۆر رێز لە ناوبژیوان دەگرێت، کێشەیان بۆ دروست ناکات، بەپێچەوانەی هەندێک یاریزانی دیکە، کە ئاستیان لە مێسی کەمترە، لەگەڵ ئەوەشدا لەخۆباییین».

## کەتالۆنی و مەدریدی تۆمەت دەبەخشنەوە

هەردوو رۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ و سپۆرتی کەتالۆنی، زۆرترین رووبەری خۆیان بۆ هێرشکردنە سەر ناوبژیوانانی ئیسپانیا تەرخان دەکەن و بەئاشکرا دەڵێن «لەم وەرزەدا ناوبژیوانان هۆکاری ئەوەن کە ئێستا ریال مەدرید لە پێشەنگی ریزبەندی لیگادا دەبینرێت».

ریال مەدرید، کە ئێستا بە 46 خاڵ پێشەنگی ریزبەندییەکەی گرتووە، بە یارییەک کەمتر و بەجیاوازی 4 خاڵ لەپێش بارسێلۆنایە، بەڵام کەتالۆنییەکان پێیانوایە ئەوە بەهۆی ناوبژیوانانە نەک



بەهۆی ئاست باشی یانەی ریال مەدریدە.

بەپێی راپۆرتێکی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ، لایەنگری ناوبژیوانان بۆ ریال مەدرید بەلای کەمەوە 8 خاڵی بە ریال مەدرید داوە و دەڵێن «لە 2 یارییدا سێرجیۆ رامۆسی کاپتن مافی کارتی سووری هەبووە، کەچی ناوبژیوانان چاوپۆشییان لێکردووەو کارتی سووریان پێنەداوە، هەروەها هەردوو گۆڵی مۆراتا لە سێلتاڤیگۆ و رامۆس لە مەلەگە ئۆفسایدی روون و ئاشکرابوون، لەگەڵ چەندین حاڵەتی دیکەش».

ئەو رۆژنامەیە، دەڵێت «ئەگەر بەهۆی ناوبژیوانان نەبووایە ئێستا بارسێلۆنا 4 خاڵ لەپێش ریال مەدرید دەبوو».

هەرچی رۆژنامەی سپۆرتیشە، لە راپۆرتێکدا دەڵێت «ریال مەدرید لەم وەرزەدا لە هەموو پاڵەوانیەتییەکاندا سوودی لە 32 هەڵەی ناوبژیوانان وەرگرتووە، 21 لەو هەڵانە لە لیگا بوونە».

پێشتریش مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ، گوتبووی «لە کۆی 27 یارییدا، ریال مەدرید لە 16 یارییدا سوودی

## مۆندو دیپۆرتیڤۆ: ئەگەر لە ناوبژیوانان نەبووایە بارسا 4 خاڵ لەپێش ریال مەدرید دەبوو

لە یارمەتی ناوبژیوانان وەرگرتووە».

هەرچی رۆژنامەکانی مەدریدە، دان بەوەدا دەنێن کە لەم وەرزەدا ناوبژیوانان لە هەندێک حاڵەتدا لەدژی بارسا بڕیاری هەڵەیان داوە، بەڵام وەک ئەوان دەڵێن «بارسا زۆرجاریش سوودیان لە هەڵەی ناوبژیوانان وەرگرتووە».

رۆژنامەی مارکا، لەو بارەوە دەڵێت «یاری کلاسیکۆ باشترین بەڵگەیە بۆ ئەو راستییەی کە بارسا زۆر سوودی لە هەڵەی ناوبژیوانان وەرگرتووە، چونکە لەو یارییەدا گۆڵی لویس سوارێز ئۆفساید بوو، لێدانێکی سزای 100% دروستیش لەدژی خافێر ماسکیرانۆ بۆ ریال مەدرید ئەژمار نەکرا».

## مەدریدییەکان: ناوبژیوانان مێسییان خۆشدەوێ بۆیە یارمەتی دەدەن

### ئامارەکانی وەرزی رابردوو

میستر شیپ، شارەزاو پسپۆری ئیسپانی لە بواری ئامارەکان، ئامارێکی وەرزی رابردووی ئەو ناوبژیوانانەی بڵاوکردووەتەوە، کە یارییەکانی هەردوو یانەی ریال مەدرید و بارسێلۆنایان لە وەرزی رابردوودا بەڕێوە بردووە. ئامارەکان بەمشێوەیەن:

* لێدانەکانی سزا، کە بۆیان ئەژمارکراون: (بارسێلۆنا 22) و (ریال مەدرید 13).
* لێدانەکانی سزا، کە لەدژیان ئەژمارکراون: (بارسێلۆنا 1) و (ریال مەدرید 7).
* کارتی سوور: (بارسێلۆنا 1) و (ریال مەدرید 5).
* کارتی سوور بۆ رکابەرەکانیان: (بارسێلۆنا 9) و (ریال مەدرید 5).

### ئامێری «ئاشکراکردنی درۆ» لەدژی بارسایە

مەدریدییەکان بەسەرهاتێکی بەر لە چەند ساڵێک بەبیر کەتالۆنییەکان دەهێننەوە، کە لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا ئامێری ئاشکراکردنی درۆ لەدژی ناوبژیوانێکی پێشووی خولی ئیسپانیا بەکارهێنراو دەرکەوت ژمارەیەک ناوبژیوان لایەنگری بارسان.

بەرنامەی «تیکی تاکا»، کە یەکێکە لە ناودارترین بەرنامە وەرزشییەکانی ئیسپانیا، بۆ یەکەمینجار ئامێری ئاشکراکردنی درۆی لەگەڵ میوانەکانی بەکارهێنا، بۆ ئەوەی سەرنجی بینەران بەلای خۆیدا رابکێشێت و کەشێکی خۆش بە بەرنامەکە بدات، بەڵام ئەوەی لەگەڵ یەکێک لە میوانەکان روویدا بریتی بوو لە سوپرایزێک کە کەس چاوەڕوانی نەدەکرد.

ناوبژیوانی پێشووی ناسراوی خولی ئیسپانیا، ئیدواردۆ ئیتۆرالدی گۆنزالیس، میوانی بەرنامەی تیکی تاکا بوو و لە یەکێک لە بڕگەکانیدا چووە بەردەم ئامێری ئاشکراکردنی

## سیاسەتمەدارێکی ئیسپانی: یاریزانانی بارسا بە گریان و فێڵ و پاڕانەوە یارییەکانیان دەبەنەوە

درۆ، ئەنجامەکانیش سەیربوون.

بە درێژایی ماوەی ناوبژیوانییەکەیدا، گۆنزالیس بەوە تۆمەتبارکراوە کە زیانی گەورەی بە یانەی ریال مەدرید گەیاندووەو رقی تایبەتی لەو یانەیە دەبێتەوە. لە بڕگەی ئامێرەکەشدا پرسیاری لێکرا «ئایا کەس فەرمانی پێتداوە دژایەتی ریال مەدرید بکەیت لە بڕیارەکانتدا لەنێو یاریگە؟» گۆنزالیس گوتی «نەخێر» و وەڵامەکەی لەلایەن ئامێرەکە پەسەندکرا، واتە دەرچوو کە لەو وەڵامەدا راستگۆیە.

هەروەها پرسیاری لێکرا «ئایا هاندەری بارسێلۆنای؟» دووبارە گوتی «نەخێر» و دووبارە وەڵامەکەی پەسەندکرا لەلایەن ئامێرەکەوە.

بەڵام ئەمجارەیان پرسیارێکی قورستری لێکرا «ئایا چەند ناوبژیوانێک لەنێو ئەوانەی خولی ئیسپانیدا دەناسیت کە (ئەنتی مەدریدیستا) بن و هاندەری یانەی بارسێلۆنا بن و لە کاتی ناوبژیوانیکردندا پشتگیریی بارسایان کردبێت؟». گۆنزالیس بۆ جاری سێیەم گوتی «نەخێر»، بەڵام ئامێرەکە زەنگی لێدا و سەلماندی کە لەو وەڵامەدا راست ناکات.

لەوەشیان سەیرتر ئەوەبوو کە لێیانپرسی «ئایا ئەو ناوبژیوانانە لە کەسێکی سەرووی خۆیانەوە فەرمانیان پێ دەکرێت لاگیریی بارسا بکەن لەدژی ریال مەدرید؟» بە هەمان شێوە گوتی «نەخێر» و بە هەمان شێوە ئامێرەکە زەنگی لێدا و گوتی درۆ دەکات.

ئەو ناوبژیوانە، کە ئێستا تەمەنی 50 ساڵە، لە 2012 بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ لیژنەی هونەری ناوبژیوانانی ئیسپانیا وازی لە پیشەکەی هێنا.

### تیباسیش قسەی کرد

میدیای کەتالۆنی بەمدواییە رەخنەیەکی زۆریان ئاراستەی خافێر تیباسی سەرۆکی رابیتەی لیگا کردو بەوە تۆمەتباریان کرد کە هانی ناوبژیوانان دەدات لەدژی بارسێلۆنا کار بکەن بۆ بەرژەوەندی ریال مەدریدی رکابەرە تەقلیدییەکەی. بەڵام تیباس ئەم تۆمەتە رەتدەکاتەوەو دەڵێت «راستە من لە منداڵییەوە هاندەری ریال مەدریدم، بەڵام هەرگیز لەدژی هیچ یانەیەک کار ناکەم، بارسێلۆناش وەک هەر یەکێک لەو 20 یانەیە کە لە لیگادا یاری دەکەن». ئەو بەرگری لە ناوبژیوانان کردو گوتی «ناوبژیوانان لەدژی هیچ یانەیەک و بۆ بەرژەوەندی هیچ یانەیەک بڕیار نادەن، بەڵام بێگومان ئەوانیش مرۆڤن و تووشی هەڵە دەبن».

### ئەلیخاندرۆش ئەنتی بارسایە

هاندەرانی بارسێلۆناش ئەلیخاندرۆ هێرناندێزی ناوبژیوان، کە یاری ریال بیتیس و بارسێلۆنای بەڕێوەبرد، بە «ئەنتی بارسا» ناودەبەن و دەڵێن «ئەو هەمیشە دژی بارسایە».

ئەلیخاندرۆ، تەمەن 35 ساڵ، 6 ساڵە ناوبژیوانیی یارییەکانی لیگا دەکات، بەوە ناسراوە کە لە یارییەکانی ئەودا ریال مەدرید هەموو یارییەکانی دەباتەوەو بەپێچەوانەشەوە هەر کاتێ قسە هاتە سەر بارسێلۆنا، یارییەکانی زەحمەت دەکەون بەبوونی ئەو ناوبژیوانە.

ئەلیخاندرۆ کە یاری کلاسیکۆی ساڵی رابردووی نێو کامپ نوی بەڕێوەبرد، ئەو ناوبژیوانەیە کە ساڵی 2015 لە یاری بارسێلۆنا و کۆرتۆبە کارتی سووری دایە کریستیانۆ رۆناڵدۆ، دوای ئەوەی بە ئەنقەست و لەپشتەوە لە یاریزانێکی کۆرتۆبەی داو، کە هەمووان پێشبینییان دەکرد رۆناڵدۆ بۆ چەند یارییەک رابگیرێت، بەڵام ئەو ناوبژیوانە لە راپۆرتەکەیدا سکاڵای لەسەر رۆناڵدۆ نەنووسی، وای پیشانیدا کە رۆناڵدۆ کارێکی وای نەکردووە لە یارییەک زیاتر رابگیرێت، بۆیە تەنیا یارییەک راگیرا، ئەوکات کەتالۆنییەکان تۆمەتی ئەوەیان دایە پاڵ ئەلیخاندرۆ کە هاندەری ریال مەدریدەو بۆ ئەوە وایکردووە تاوەکو رۆناڵدۆ بتوانێت بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید یاری بکات.



نایەوێ بە هیچ پاساوێک دۆستەکەی لەگەڵ کەسێکی دیکە ببینێت..

# رۆناڵدۆ غیرە لە دۆستە تازەکەی دەکات

رووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS

هەرچەندە کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، کاتی تەواوی وەرگرت بۆ ئەوەی دۆستە تازەکەی دەستنیشان بکات، بۆ ئەوەی شوێنی دۆستەکەی پێشووی ئیرینا شایک بگرێتەوە، کەچی غیرەکردن دیارترین سیفەتی ئەو یاریزانە بەناوبانگەیە، ئەوەش لەسەر ئاستی سۆزداریی کێشەی بۆ دروستکردووە.

لەم بارەوە رۆژنامەکانی پورتوگال دووپاتیان کردەوە، کریستیانۆ لەگەڵ دۆستە تازەکەی جۆرجینیا رۆدریگز تووشی یەکەم کێشە بوو، دوای ئەوەی چەند وێنەیەکی لەسەر ئینتەرنێت بینی، کە تێیاندا لەگەڵ ئەکتەری ئیسپانی بەناوبانگ میگێل ئەنخێل سیلڤاستەر نانی ئێوارە دەخوات، هەمان سەرچاوەکان دەڵێن «دۆن لەسەر ئەو وێنانە گلەیی لە دۆستە تازەکەی کردووە و رازی نییە لەگەڵ کەسی دیکە بیبینێت». هەروەها دەشڵێن «غیرەکردن دیارترین سیفەتی رۆناڵدۆیە، ئەوەش هەمیشە لەسەر ئاستی سۆزداریی کێشەی بۆ دروست دەکات».

رۆژنامەکانی پورتوگال دووپاتی دەکەنەوە، خەریکە بەهۆی ئەم غیرە زۆرەی رۆناڵدۆ کێشە دەکەوێتە نێوان دۆن و جۆرجینیا، کە ئەویش داکۆکی لە خۆی دەکات و دۆنیش پاساوەکانی بەدڵ نییە.

جۆرجینیا رۆدریگز، کە ئێستا بووەتە خانمێکی بەناوبانگ لە سەرتاسەری جیهان، لەوەتەی پەیوەندی لەگەڵ رۆناڵدۆ داناوە، بە توندی داکۆکی لەخۆی کردووەو بۆ دۆنی دووپات کردووەتەوە، ئەو ژەمەی ئێوارەیە لەگەڵ سلیڤستەر بۆنەیەکی فەرمی بووەو ئەو کۆمپانیایە رێکیخستووە، کە کاری تێدا دەکردو پەیوەندیشی لەگەڵ ئەو ئەکتەرە بەناوبانگەی ئیسپانیا لەسەر رێزگرتن بنیات نراوە و پێشتریش هیچ لە نێوانیاندا نەبووە.

هەمان سەرچاوەکان دەشڵێن «رۆناڵدۆ هەرگیز بەو پاساوانە رازی نەبووە، کە پێدەچێت رێنمایی توندی بەو نمایشکارە ئیسپانییە دابێت، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا لەگەڵ کەسانی نامۆ دانەنیشێتەوە، هۆکارەکان هەرچییەک بن».

دوای ئەو رووداوەش، پێشبینی دەکرێ غیرەکردنی رۆناڵدۆ لە دۆستەکەی، ببێتە سەرچاوەی کێشەی زۆر بۆ پەیوەندییە تازەکەی. کە پێشتریش هەر غیرە هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ جیابوونەوەی دۆن لە شایک، ئەگەرچی زۆر لە سەرچاوە رۆژنامەوانییەکان، ناکۆکی شایک و دایکی رۆناڵدۆیان بە هۆکاری سەرەکی ئەو جیابوونەوەوە دادەنێن.

## رۆژنامەکانی پورتوگال: غیرەکردن دیارترین سیفەتی رۆناڵدۆیە



## درۆیە

فرانک لامپاردی ئەستێرەی پێشووی یانەی چێڵسی ئینگلیزی، کە ئێستا تەمەنی 38 ساڵە، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی، ئەو دەنگۆیانەی رەتکردەوە کە باس لە ویستی ئەو بۆ وازهێنانی یەکجارەکی لە یاریکردن دەکەن. لامپارد لەو بارەوە گوتی «درۆیە، من هەرگیز بیرم لە وازهێنان لە یاریکردن نەکردووەتەوە، نازانم بۆ؟ بەڵام هەستێک پێمدەڵێت هێشتا بەردەوام دەبی لە یاریکردن. چەند گرێبەستێکم لە یانەکانی پرێمەرلیگ رەتکردووەتەوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە بەردەوام دەبم لە یاریکردن».

### چیرۆکی پشت ئەم وێنەیە..

# "ناوبژیوانان یارمەتی یۆڤی و میلان دەدەن"

**رووداوی وەرزشی ـ یوڤانتۆس مانیا**

ماسیمیلیانۆ ئەلیگری، راهێنەری یانەی یوڤانتۆسی ئیتاڵی وەڵامی ئەو مشتومڕە زۆرەی دایەوە، کە لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنی لۆکاڵییەوە وورووژێندرا، لەبارەی جیانلویجی بۆفۆنی کاپتنی یۆڤی، دوای بردنەوەی تیپەکەی لە لازیۆ بە 2 گۆڵی خاوێن لە کالچیۆدا.

بۆفۆن دوای تەواوبوونی یارییەکە پاولۆ تاگلیافینتۆی ناوبژیوانی لەئامێزکرد، بۆیە دەزگاکانی راگەیاندنی ئیتاڵیا وێنەکەیان گواستەوەو باسی سروشتی پەیوەندی نێوان یۆڤی لەگەڵ ناوبژیوانان بەشێوەیەکی گشتی کرد، گوایە لە یارییەکان یارمەتیان دەدەن، بەڵام هاندەران ئەو جۆرە پەیوەندییەیان لەنێوان یاریزانان و ناوبژیوانان رەتکردەوە.

لە وەڵامی هەواڵێکی رۆژنامەی توتو سپۆرتی ئیتاڵی لەسەر بەرگی رۆژنامەکە، کە تۆمەتی دابووە پاڵ یوڤانتۆس و میلان، چونکە گۆڵپارێزی میلانی لاو جیانلویجی دۆنارۆما ئەویش لە یارییەکی پێشوودا ئامێزی لە ناوبژیوان کردبوو، ئەلیگری گوتی «ئەوە گەوجیی و گەمژەییە، وام لێمەکەن وشەیەکی دیکە بەکاربێنم». ئەلیگری گوتیشی «لە ئیتاڵیا لەجیاتی قسەکردن لەسەر یارییەکی نایابی پاولۆ دیبالا ئەوکاتەی گۆڵێکی تۆمارکرد، پاسێکی جوانی گۆنزالۆ هیگواین، یان شووتێکی لۆرینزۆ ئەنسینی (ناپۆلی) بەرامبەر میلان لە دووری 40 پێ، کە نەچووە گۆڵەوە، رۆژنامەکان باسی شتی دیکەی دوور لە ئاستی یاریزانان لەسەر یاریگە دەکەن».

ماسیمیلیانۆ ئەلیگری، زیاتر باسی ئەو وێنەیەی بۆفۆن و تاگلیافینتۆی ناوبژیوانی کرد و گوتی «گەمژەن ئەوانەی پێیانوایە ئەم وێنەیە بەڵگەی یارمەتیدانی یۆڤییە لەلایەن ناوبژیوانەوە». هەروەها راهێنەری یوڤانتۆس لە درێژەی لێدوانەکەیدا گوتی «ئێمە چێژ لە تۆپی پێ وەرناگرین، ئەوەی لەسەر یاریگە روودەدات، بەڵکو لە بەفیڕۆدانی کات بە شتی دیکەوە».



> **ئەلیگری: گەمژەن ئەوانەی پێیانوایە ئەم وێنەیە بەڵگەی یارمەتیدانی یۆڤییە لەلایەن ناوبژیوانەوە**

### ...سەگەکانی..

# ...ێز ژن دێنێت و ژن ...ەڵاق دەدات



**رووداوی وەرزشی ـ CNBC**

چەند راپۆرتێکی رۆژنامەوانی چیلی باس لەوە دەکەن، هێرشبەری نێودەوڵەتی ئەلیکسیس سانچێز لەوانەیە پەیوەندییەکی سۆزداریی لەگەڵ کچە ئەکتەری چیلی بەناوبانگ مایتی رۆدریگز دانابێت، بۆ ئەمەش سوودی لە جیابوونەوەی لە دۆستی پێشووی ئەکتەر تیاگۆ کۆریا وەرگرتووە، کە مانگێک زیاترە لە یەکدی جیابوونەتەوە.


هەمان ئەو سەرچاوانە دەڵێن «سانچێز کە پێشتر پەیوەندی سۆزداریی زۆری هەبوو، ماوەیەکە ئەو خانمە ئەکتەرەی خستووەتە مێشکی، بۆیە یەکەم دەرفەتی جیابوونەوەی لە دۆستەکەی پێشووی قۆستەوە».

شەیدایانی تۆپی پێی جیهانی دەزانن سانچێز سەگی زۆر خۆشدەوێ، بەڵگەش بڵاوکردنەوەی ئەو هەموو وێنەی سەگەکانیەتی لەسەر زۆربەی تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا، زیاتر لە وێنەی خۆی، بەڵام ئەوەی رۆژنامەکانی چیلی لەبارەی هۆکاری شەیدابوونی بە رۆدریگز ئاشکرایان کردووە مایەی سەرسوڕمانە. ئەو یاریزانە بەناوبانگە ماتی بەپێش زۆر شۆخ و شەنگی دیکە خست، لەبەرئەوەی وەک خۆی شەیدای ئاژەڵی ماڵییە، ئەوەش جارێکی دیکە دەیسەلمێنێت کە سانچێز خاوەن شێوازێکی بیرکردنەوەی دەگمەنە.

دۆستەکەی پێشووی کلۆدیا شیمدیت دوای جیابوونەوەیان دانی بەوەدا نا «سانچێز سەگی بەپێش ئافرەت خستووە». ماتیش، لە کاتی قسەکردنی بۆ رۆژنامەکانی وڵاتەکەی زۆر بەئاگاوە دوا، سەبارەت بە راستی ئەو دەنگۆیانە، کە باس لە دانانی پەیوەندی لەگەڵ ئەو ئەستێرە بەناوبانگەی وڵاتەکەی دەکات، بەمەش لەبەردەم هەموو ئەگەرەکان سەبارەت بەو پەیوندییە دەرگاکانی خستە سەرپشت.

### سەرۆک لەبەر بنزیمە هەڵوێست لەدژی زیدان وەردەگرێت..

# بنزیمە سەری زیدان دەخوات



**ئا: رووداوی وەرزشی**

راپۆرتە رۆژنامەوانییەکانی ئیسپانیا، نهێنییەکی نێوماڵی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی ئاشکرا دەکەن و دەڵێن «کەریم بنزیمە دەبێتە هۆکارێک بۆ لێکترازانی نێوماڵی مەدریدی». هەروەها دەشڵێن «لەوانەیە بنزیمە سەری راهێنەرەکەی بخوات و بەهۆیەوە مۆرینیۆ جێگەی زیدان بگرێتەوە».

#### پشتیوانانی لەدەستداوە

ئەو راپۆرتە رۆژنامەوانییە ئیسپانیانە، ئاماژەیان بەوە کردووە، کەریم بنزیمە لەو ماوەی کۆتاییدا بەشێکی زۆر پشتیوانی لەدەستداوە، نەخاسمە دوای ئەوەی ئەمساڵ رێژەی گۆڵ تۆمارکردنی زۆر کەم بووەتەوە، بەتایبەتیش کە لە یاری ریال مەدرید بەرامبەر سێلتاڤیگۆ لە یاری گەڕانەوەی جامی شای ئیسپانیا بەتەواوی بزر ببوو، زۆر لە هاندەرانی یانەی شاهانە ئەو بە هۆکاری سەرەکی دەرچوونی یانەکەیان لەو پاڵەوانیەتییەدا دەزانن.

رۆژنامەی ئەلمۆند دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی روونیکردەوە، جەماوەری شاهانە تۆمەتی ئەوەیان خستووەتە پاڵ بنزیمە، کە لە یارییە گرنگەکان دەرناکەوێ و ئاستیشی لە دابەزینی بەردەوام دایە، داواشیان کردووە زیاتر پشت بە دووانە ئەلڤارۆ مۆراتا و یاریزانی لاو ماریانۆ دیاز ببەسترێت.

#### لێکترازانی نێوماڵی مەدریدی

لەلایەکی دیکەوە دەزگاکانی راگەیاندنی مەدریدی، باسیان لە پرسێکی مەترسیدارتر کرد و رایانگەیاند «بنزیمە دەبێتە هۆکارێک بۆ لێکترازانی نێوماڵی مەدریدی، بەهۆی ئەوەی کە مەدریدییەکان پێیانوایە زیدان بەشێوەیەکی ناپیشەگەرانە مامەڵە لەگەڵ بنزیمە دەکات و زیاتر لە مافی خۆی پێدەدات لە رووی یاری پێکردنەوە».

دەزگاکانی راگەیاندنی نزیک لە یانەی شاهانە، رەخنەیان لە مامەڵەکردنی زەینەدین زیدان و فلۆرەنتینۆ پیریز گرت، چونکە زیدان پشت بە بنزیمەی هاووڵاتی خۆی دەبەستێت، هەرچەندە ئاستیشی بەرەو باشی نەچووە، کەچی جێگرەوەکەی مۆراتا لەسەر کورسی یەدەگەکان دادەنیشێنێت، بێئەوەی هیچ دەرفەتێکی راستەقینەی پێبدرێت و دەڵێن «پیرێزی سەرۆکیش لە ئاست ئەو ستەمەدا هیچ هەڵوێستێکی نییە». راپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن، ئەگەر رەوشەکە وەک ئێستا بەردەوام بێت، ریال مەدرید بۆ گەڕان بەدوای هێرشبەرێک لە ئەستێرەکانی ریزی یەکەم، دەچێتە نێو بازاڕی گواستنەوەی هاوینەدا، بۆ ئەوەی لەجیاتی بنزیمە پێشەوایەتی هێڵەکانی پێشەوەی ریال بکات، لە ساڵانی داهاتوودا.

#### زیدان خەتابارە

ئەو سەرچاوانە باس لەوە دەکەن کە ئەوەی زیاتر مەدریدییەکانی لە زیدان تووڕە کردووە، ئەوەیە کە ئەو راهێنەرە فەرەنسییە نەیهێشتووە کەریم بنزیمە لە ریال مەدرید بڕوات و بە پارەیەکی زۆر بچێتە خولی چینی. لەو بارەوە نووسیویانە «بنزیمە لەلایەن یانەیەکی چینییەوە گرێبەستێکی گرانبەهای پێشکەشکرا بوو، بە مووچەی دووقاتی ئەوەی ئێستا لە ریال مەدرید وەری دەگرێت. بەڵام زیدان نەیهێشت بڕوات». هەروەها دەشڵێن «بنزیمە لە داهاتووی خۆی لەگەڵ ریال مەدرید دەترسا، بۆیە دەیویست بڕواتە خولی چینی، بەڵام زیدان بە بنزیمەی گوتبوو دەبێ لە ریال مەدرید بمێنیتەوە، تۆ هێشتا جێگەی متمانەی تەواوی منی وەک هێرشبەری سەرەکی تیپەکە لە ماوەی داهاتوودا».

#### پیرێز پەنا دەباتەوە بەر مۆرینیۆ

چەند راپۆرتێکی رۆژنامەوانی دیکە ئاماژە بەوە دەکەن ئەگەر زیدان بەردەوام بێت لەسەر ئەو جۆرە مامەڵەیەی لەگەڵ بنزیمە دەیکات، کێشەکان گەورەتر دەبن و دەڵێن «ئەوکات بەدڵنیاییەوە فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی ریال مەدرید هەڵوێست وەردەگرێت». هەروەها دەشڵێن «لەوانەیە هەڵوێستی پیرێز ئەمجارەیان توند بێت بەرامبەر زیدان، تەنانەت ئەگەری ئەوە لە ئارادایە بیر لە لابردنی بکاتەوە».

ئەوەی زیاتر ئەگەرەکانی ئەو هەڵوێست وەرگرتنەی پیرێز زیاد دەکەن، ئەو هەواڵەیە کە هەندێک لە رۆژنامەکانی مەدرید بڵاویانکردووەتەوە، گوایە پیرێز بیر لە گەڕاندنەوەی خۆزێ مۆرینیۆی راهێنەری پێشووی دەکاتەوە.

بەپێی ئەو رۆژنامەیە، سەرۆکی یانەی ریال مەدرید، بە تەلەفۆن پەیوەندی بە خۆزێ مۆرینیۆی راهێنەری مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزییەوە کردووە، بۆ ئەوەی لە تەندروستی هاوسەرەکەی بپرسێت.

بە گوێرەی راپۆرتی رۆژنامەکان، هاوسەری مۆرینیۆ لە رۆژانی دوایی نەخۆش کەوتووە، پیرێزیش ویستوویەتی لە رێگەی راهێنەری پێشووی ریال مەدرید لە هەواڵی بپرسێت، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هێشتا پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان پیرێز و مۆرینیۆدا هەیە.

راپۆرتەکان هەروەها ئاماژە بەوەش دەکەن، پیرێز پێیوایە مۆرینیۆ جێگرەوەیەکی باشی کورسی یەدەگەکانی ریال مەدریدە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر راهێنەر زەینەدین زیدان لە ئەرکەکەی لە پێشەوایەتیکردنی تیپەکە لەم وەرزەدا سەرکەوتوو نەبوو.

> **"ئاستی بنزیمە ریال مەدریدی تووشی قەیران کردووە"**
>
> **"پیرێز بیر لەوە دەکاتەوە کورسییەکەی زیدان بە مۆرینیۆ بداتەوە"**

### بارسا هەرگیز ناتوانێت دووانەیەکی وەک دانی و مێسی دروست بکاتەوە..

# بارسا لە فرۆشتنی ئەلڤێش پەشیمانە



**رووداوی وەرزشی ـ BARCA4EVER**

رۆژنامەنووسێکی کەتالۆنی پێیوایە گەورەترین هەڵەی یانەی بارسێلۆنا فرۆشتنی دانی ئەلڤێش بووەو دەڵێت «بارسا پەشیمانە لە فرۆشتنی ئەو بەرگریکارە بەرازیلییە، چونکە ئەستەمە بتوانێت جێگرەوەی بدۆزێتەوە».

خوان ماریا باتل، نووسەری کەتالۆنی لە وتارێکیدا، کە رۆژنامەی سپۆرتی کەتالۆنی بڵاویکردووەتەوە، باسی رەوشی بارسا دوای فرۆشتنی دانی ئەلڤێش دەکات، لەگەڵ پێویستی هێنانی بەرگریکارێکی لای راست لە کاتی گواستنەوەکاندا. خوان ماریا باتل، لە وتارەکەیدا دەڵێت «با دان بە راستییەکاندا بنێین، هەندێ یاریزان هەن ئەستەمە بتوانی جێگرەوەیان بدۆزییەوە، دانی ئەلڤێشیش یەکێکە لەو یاریزانانە. ئێمە دوای رۆیشتنی ئەو کێشەمان هەیە. لەوانەیە ئەلڤێش باشترین بەرگریکاری لای راست بێت لە مێژووی بارسێلۆنادا».

ئەو نووسەرە زیاتر باسی بایەخی ئەلڤێش دەکات و دەڵێت «ئەلڤێش دیارییەک بووە لە خواوە بۆ بارسا.. کە دەمانەوێ باسی ئەلڤێش بکەین، چەندین لایەن هەیە دەبێ باسیان بکەین، خێرایی، زیرەکی، ئۆڤەر و شووت لێدان». ئەو هەروەها دەشڵێت «ئەلڤێش باشترین دووانە بوو لەگەڵ مێسی، چۆن جێگرەوەیەکی وا دەدۆزیتەوە. من پێم سەیرە بارسا چۆن بەدوای جێگرەوەی ئەلڤێش نەگڕاوە، کە پێموایە ئەو یانەیە هەرگیز ناتوانێت دووانەیەکی دیکەی وەک دانی و مێسی دروست بکاتەوە».

ئەو نووسەرە، لە درێژەی وتارەکەیدا نووسیویەتی «بەڵێ.. ئێمە متمانەمان بە رۆبیرتۆ هەیە وەک یاریزانێکی نایاب و بەرگریکارێکی باش، بەڵام با واقیعی بین، ئەوە شوێنی ئەو نییە! مێسی ئێستا زۆر لە باڵەکان یاری ناکات. لەوەتەی دانی رۆیشتووە لای راست ئارام بووە». هەروەها خوان ماریا داوا دەکات دەستەی هونەری فشار بخاتە سەر ئیدارەی یانەکە، بۆ ئەوەی بەرگریکارێک بەهەمان ئاستی دانی دەستکەوێ «کێشەیەک هەیە.. دەبێت لە بازاڕی گواستنەوەدا چارە بکرێت».

### ...ەکانی هەفتە



لە راستیدا نەیمار داوای لێکردم جارێکی دیکە نیشانەی کاپتنیی هەڵبژاردەی بەرازیلی بۆ بگەڕێنمەوە، منیش بۆم گەڕاندەوە، چونکە شایەنە

**تیتی**
(راهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل)



بەراوردی نێوان من و مێسی بێتام بووە، گەیشتووەتە ئەو ئاستەی بەراورد لەنێوان کوڕەکانماندا دەکرێت، چۆن گەورە دەبن، چۆن دەچنە قوتابخانە، کامیان خێراترە

**کریستیانۆ رۆناڵدۆ**
(ئەستێرەی یانەی ریال مەدرید)



ئەگەر سەرۆکی مانچێستەر یونایتد بوومایە و ئەو هەموو پارەیەم لەبەردەستدا بوایە، رانەدەوەستام تاوەکو گریزمان و گاریس بەیڵم دەکڕی، ئەگەر بە هەر نرخێک بوونایە

**ریۆ فێردیناند**
(کاپتنی پێشووی مانچێستەر یونایتد)



من و گواردیۆلا پێشتر سەرپەرشتی یاریزانانی ئێستامان نەکردووە، بۆیە تەنیا هەندێک کاتمان دەوێت تاوەکو لەگەڵ شێواز و پلانەکانمان دەگونجێن

**کارلۆ ئەنچیلۆتی**
(راهێنەری یانەی بایرن میونشن)



هیوادارم لە یاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیادا رووبەرووی سێلتاڤیگۆ ببینەوە، چونکە ئەگەر بەبینەوە زۆر دڵخۆش دەبم و ئەگەر بشدۆڕێین هەر دڵخۆش دەبم

**لویس ئێنریکی**
(راهێنەری یانەی بارسێلۆنا)



بەداخەوە کە سەرۆکی رۆما وەک پێویست رێز لە تۆتی ناگرێت، لە کاتێکدا خەڵکی رۆما تۆتی دەناسن نەک سەرۆکی یانەکەیان

**ماسیمۆ فیرێرۆ**
(سەرۆکی یانەی سامپادۆریا)

رووداو وەرزشی
ژمارە ( 435 )
سێشەممە 2017/1/31



## زەمانەکەی بەلایە

ریان کریستی یاریزانی سکۆتلەندی، کە بەشێوەی خوستن لە یانەی سێلتیکەوە چووە ئەبردین، ناچاربوو ئەژماری فەرمی خۆی لە تویتەر دابخات، دوای ئەوەی تویتێکی نەشیاوی بەرامبەر یانە تازەکەی دۆزرایەوە، کە بۆ ساڵی 2012 دەگەڕێتەوە. کریستی کە هانی تیپێکی دیکەی دەدا لەدژی ئەبردین، لەو تویتەدا نووسیبووی «دەی تیپی هێبرنیان، رقم لە ئەبردینی نەفرەتی نوستووان لەگەڵ مەڕ دەبێتەوە». هاندەرانی تیپەکانی دیکە نازناوی «نوستووان لەگەڵ مەڕ» بۆ خراپەکاری دەدەنە پاڵ تیپی ئەبردین، کریستیش هەر ئەوەی کردبوو، بێئەوەی بزانێت رۆژێک لە رۆژان چارەنووسی وا دەبێت، درێسی ئەو یانەیە لەبەریکات.



## ماوریسۆ پۆچێتینۆ..

# لە یاریدەدەری راهێنەری ئافرەتانەوە بۆ راهێنەرێکی گەورەی تۆپی پێ

ئا: هەکاری قانع

### «پۆچێتینۆ لەبەر خاتری کچان بووەتە راهێنەر»

چەند ساڵێک بەر لە ئێستا ئەستێرەیەکی مامناوەندی ئەرجەنتین دەستی بە کاری راهێنەرایەتی کرد، ئەویش پۆچێتینۆی بەرگریکاری پێشووی ئەرجەنتین و یانەی پاریس سانجێرمان، بۆردۆ و ئیسپانیۆل بوو.

وەرزی 2008 ـ 2009 لە کۆتایی مانگی یەک بەهۆی ئەنجامە خراپەکانییەوە یانەی ئیسپانیۆل نزیکبوو لە دابەزین بۆ خولی پلە دووی ئیسپانیا بۆ ئەو مەبەستەش هانایان بۆ یاریزانێکی کۆنی تیپەکەیان برد، کە پۆچێتینۆ بوو. هەمووان دەیانگوت «بەهۆی جوانی و سەرنجراکێشییەکەی کاتی نییە بۆ بوون بە راهێنەر»، بەڵام ئەو لەبەر دڵی ئافرەتان بوو بە یاریدەدەری راهێنەری ئافرەتان.

هەرچەندە ماوریسۆ هیچکات راهێنەرایەتی نەکردبوو، بەڵام بە داواکاری بەرپرسانی ئیسپانیۆل رازی بوو، بڕیاریدا ببێتە راهێنەری ئەو یانەیە، یەکەم یاری پۆچێتینۆ بەرامبەر بارسێلۆنا بوو لە جامی شای ئیسپانیا، ئەو یارییە دوای تەنیا دوو یەکەی مەشقی ئیسپانیۆل ئەنجامدرا بە سەرکردایەتی پۆچێتینۆ، بەڵام دوور لە هەموو چاوەڕوانییەکان ئیپسانیۆل توانی بارسا بوەستێنێت و یارییەکە بەبێ گۆڵ کۆتایی هات، کاتێ پۆچێتینۆ بوو بە راهێنەری ئیسپانیۆل تیپەکە لە خانەی 17ی ریزبەندی بوو، بەڵام لە کۆتایی وەرزدا ئیسپانیۆل لە پلەی 10 گیرسایەوە.

لە یەکەم وەرزی کارەکەیدا پۆچێتینۆ سەرەوەری بۆخۆی نووسییەوە، لە هەموویان گەورەتر، لەنێو کامپ نۆدا شکستی بە بارساکەی پیپ گواردیۆلا هێنا، کە 27 ساڵ بوو ئیسپانیۆل لە بارسای نەبردبووەوە.

دوای ئیسپانیۆل پۆچێتینۆ بوو بە راهێنەری ساوسهامبتۆنی ئینگلیزی، لە یەکەم وەرزدا لەگەڵ یانەکەدا تیمەکەی پۆچێتینۆ ئاستی جێگیر نەبوو بەهۆی بەرگریکارانی، ساوسهامبتۆن لە زۆربەی یارییەکاندا گۆڵی تۆمار دەکرد، بەڵام بەهۆی خراپی بەرگرییەوە تووشی شکست یان یەکسانبوون دەبوو، بەڵام راهێنەرە لاوەکە لە وەرزی دووەمدا تیپێکی گەورەی دروستکرد بەتایبەت لە رووی بەرگرییەوە، کۆمەڵێک بەرگریکاری دروستکرد یاخود ئاستی بەرزکردنەوە کە ئێستا ئەو بەرگریکارانە خاوەن ناوی گەورەن لە ئەورووپا و ئینگلتەرا، وەک لوک شاو، کلاین، لۆڤرین و جۆسێ فۆنتی، کۆمەڵێک ئەستێرەی دیکەشی گەشاندەوەو تیپەکەی کردە یەکێک لە تیپە بەهێزەکانی ئینگلتەرا.

دوای ساوسهامبتۆن، پۆچێتینۆ ئەمجارەیان یانەیەکی گەورەی هەڵبژارد ئەویش تۆتێنهامە، ئەو لەگەڵ یانە لەندەنییەکەی لە یەکەم وەرزدا جێدەستی خۆی پێشانی بەرپرسانی یانەکەداو یانەکەی گەیاندە یاری کۆتایی جامی ئینگلتەرا، بووە هۆی دۆزینەوەی ئاستی هاری کینیش، کە ئێستا یەکێکە لە باشترین هێرشبەرەکانی ئەورووپا.

لە دووەم وەرزدا تۆتێنهام رکابەرییەکی گەورەی لیستەر ستی کرد بۆ بەدەستهێنانی نازناوی پریمەرلیگ، بەڵام لە کۆتاییدا بەهۆی پێکانی چەند یاریزانێکی، تیپەکەی نەیتوانی نازناوەکە بباتەوە، بەڵام لە وەرزی دووەمدا لەسەر دەستی پۆچێتینۆ چەند یاریزانێکی دیکە لە جیهانی تۆپی پێدا دەرکەوتن، وەک دێلی ئەلی و ئێریک دایەر، کە ئەلی ئێستا یەکێکە لە باشترین یاریزانەکانی ناوەڕاستی جیهان و نرخی لە بازاڕی گواستنەوەدا بە زیاتر لە 50 ملیۆن پاوەند خەمڵێنراوە.

ئەمساڵ سێیەم وەرزی پۆچێتینۆیە لەگەڵ تۆتێنهام، کە رکابەری بەدەستهێنانی نازناوی پریمەرلیگ دەکات و پۆچێتینۆش بەردەوامە لە شکستپێهێنانی یانە گەورەکان. پۆچێتینۆ توانی 14 سەرکەوتنی یەک بەدوای یەکی چێلسی بوەستێنێت، هەروەها توانی 11 یاری بێ شکستی پیپ گواردیۆلا لەگەڵ مانچستەر ستی بە سەرکەوتنێکی گەورە بەسەریاندا بوەستێنیت.

ئێستا پۆچێتینۆ راهێنەرێکی گەورەی ئینگلتەرا و ئەورووپایە، زۆربەی هاندەرانی ئەرجەنتین وەک مارسێلۆ بێلیسای نوێ ئەو راهێنەرە دەبینن و داواکارن ببێتە راهێنەری هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان.

> «ئەرجەنتینییەکان وەک بێلیسای نوێ سەیری پۆچێتینۆ دەکەن و داواکارن ببێتە راهێنەری هەڵبژاردەی تانگۆ»

## بۆ یەکەمجارە لە مێژووی تۆپی پێدا روودەدات..

# دوای 2 مانگ لێدانەکانی یەکلاییکەرەوە دووبارە کرانەوە



ئا: رەمزی میرەکانی

لە رکابەرییەکانی جامی کانتاڵی فەرەنسی بۆ تۆپی پێ رووداوێکی سەیر روویدا، دوای ئەوەی بڕیاری دووبارە لێدانەوەی لێدانەکانی یەکلاییکەرەوە لەنێوان هەردوو تیپی سانت مامی و ستاد ریۆمیس درا، کە هەردووکیان لە ریزی یانە پلە سێیەکانی فەرەنسا یاری دەکەن.

ئەم بڕیارە دوای تێپەڕبوونی 2 مانگ بەسەر ئەو یارییەی لەو پاڵەوانییەتییە لە نێوانیاندا ئەنجامدرا، دەرکرا. بە گوێرەی چەند راپۆرتێکی رۆژنامەوانی فەرەنسا، یاری نێوان هەردوو تیپ لە 2017/11/13ی رابردوو بەڕێوەچوو، یارییەکە گەیشتە لێدانەکانی یەکلاییکەرەوە، بۆ ئەوەی یەکێکیان بگاتە قۆناخی 16 لە جامی کانتاڵ، هەردوو تیپ یەکەو 3 لێدانی یەکلاییکەرەوەیان جێبەجێ کرد، پاشان ناوبژیوان بڕیاری راگرتنی یارییەکەی دا. ناوبژیوان بڕیاری کۆتییهاتنی یارییەکەی دا، بەڵام یەکێتی تۆپی پێی فەرەنسا لەبەر ئەو بڕیارە سەیرەی بڕیاری راگرتنی ناوبژیوانەکەی دا.

بە گوێرەی بڕیارێکی دەرچوو لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی فەرەنساوە، دوای 2 مانگ لە مشتومڕیی، بڕیاری لێدانەوەی لێدانەکانی یەکلاییکەرەوە بە تەواوی درا، دەبێت هەردوو تیپ هەر یەکەو 5 لێدانی یەکلاییکەوەرە لێبدەن و هەموو یاریزانانی هەردوو تیپەکەش ئامادەبن.

ئەو رووداوە مشتومڕی نایەوە و یەکەمجاریشە لە مێژووی تۆپی پێ شتی وا روودبدات. یەکێتی تۆپی پێی فەرەنسا بڕیاریدا تا کۆتایی وەرز ئەو ناوبژیوانە رابگرێت، بەمەرجێک بخرێتە بەر خولی فێربوونی بنەما بنەڕەتییەکانی تۆپی پێوە، بە گوێرەی بڵاوکراوەی ماڵپەڕی (سۆفووت) ئەلیکترۆنی فەرەنسی.

## چیرۆکی تراژیدی لەپشتەوەیە..

# سپایدەرمانی هەڵبژاردەی غانا



ئا: سەفین تەها

هەر کەسێک دیمەنی هاتنە نێو یاریگەی گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی غانای لە کاتی یارییەکانی جامی ئەفریقای 2017ی بینیبێت، سەرنجی ئەوەی داوە، کە ئەو گۆڵپارێزە بوکەڵەیەکی سپایدەرمانی لەگەڵ خۆیدا دەهێنایە نێو یاریگەوە، کەسیش لە هۆکارەکەی تێنەدەگەیشت.

بریما رەزاکی گۆڵپارێز، لەگەڵ هاتنە نێو یاریگەدا، ماچێکی بوکەڵەکەی دەکات و لە تەنیش گۆڵەکەوە دایدەنێت، ئەمەش بووە مایەی گاڵتە و سەرنجی میدیاکان، بەڵام ئایا بەڕاستی کەس چیرۆکی ئەم سپایدەرمانە دەزانێت؟ ئاگاداری ئەوەن کە بۆچی بریما رەزاکی گۆڵپارێز ئەوەندە ئەو بوکەڵەیەی خۆشدەوێ؟ بێگومان چیرۆکێکی تراژیدی لە پشت ئەم بابەتەوەیە.

بریما رەزاک، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەنووسان نهێنی ئەو بوکەڵەیەی ئاشکراکرد و گوتی «کوڕەکەم کە ناوی ناسرە، بەر لە چەند مانگێک بە رووداوێک گیانی لەدەستدا، ئەو هەمیشە بوکەڵەیەکی سپایدەرمانی بەدەستەوە بوو، بۆ دیاری جەژنی لەدایکبوونەکەی داوای لێکردم جلوبەرگ و ماسکی سپایدەرمانی بۆ بکڕم، پێش ئەوەی بمرێت هەمیشە بە منی دەگوت باوکە تکایە بۆ هەموو شوێنێک ئەم بوکەڵەیە لەگەڵ خۆتدا ببە». لەبەرئەوە رەزاک لە هەموو یارییەکاندا لە رێگەی سپایدەرمانەوە یادی کوڕەکەی دەکات، هەستدەکات ئەو بۆکەلەیە هێز و توانای پێدەبەخشێت بۆ ئەوەی بۆ خاتری ناسری جوانەمەرگ سەرکەوتن بەدەستبێنێت.

جگە لەوەش ئەو گۆڵپارێزەی هەڵبژاردەی غانا، لەسەر دەستکێشەکانی ناوی هەردوو کوڕەکەی و هاوژینەکەشی نووسیوە.





# لە پەیوەندییەکی نەپچڕاودا بمێنەوە لەگەڵ پاکێجە نایابەکانی فەیسبووك لە کورەك





ئێستا لە (كورەك)ەوە، پاكێجەكانی فەیسبووك بەدرێژایی كات لە پەیوەندیت دەهێڵتەوە.
پاكێجێك هەڵبژێرە:

| پاكێج | قەبارە | نرخی بەشداریكردن | بەردەستبوون (رۆژ) |
|---|---|---|---|
| هەفتانە | 300 مێگابایت | 3000 د.ع | 7 |
| رۆژانە | 50 مێگابایت | 1000 د.ع | 1 (24 كاتژمێر) |

چێژ لە سەرجەم تایبەتمەندییەكانی فەیسبووك و فەیسبووك ماسنجەر وەربگرە.
بۆ بەشداریكردن، پەیوەندی بكە بە #360* و پەیڕەوی رێنماییەكان بكە

411
korektel.com



## رۆناڵدۆیە

رۆژنامەکانی ئیسپانیا پێیانوایە ریال مەدرید شوێنگرەوەی داهاتووی کریستیانۆ رۆناڵدۆی دۆزیوەتەوە، کە یاریزانێکی بچووکی تەمەن 8 ساڵییە. ئەو بیرۆن میندۆزا مۆرینیۆیە، بۆ تیپی تەمەن 8 ساڵی یانەکە یاریدەکات، بە بەهرەی بەرچاوی لە یاریکردن بە یاریزانان و گۆڵ تۆمارکردن سەرنجی هەمووانی راکێشاوە. هەرچەندە تەمەنی بچووکە، کەچی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رۆژنامەی مارکای ئیسپانی رایگەیاند، دەیەوێ لە باڵەکان یاری بکات. ئەگەر بیرۆن پارێزگاریی لە خەونی یاریکردن بۆ تیپی یەکەمی ریال مەدرید بکات، دەبێتە دەستکەوتێکی گەورە، نەخاسمە دوای ئەوەی لەسەر ماڵپەری فەرمی ریال مەدرید بە «بەهرەمەند لەگەڵ هۆشیاریی هێرشکردنی بەرچاو و ئەنجامدانی ئەرکی بەرگریکردن» وەسفکرا.

## بڕیارەکانی ترەمپ NBA تێکدەدەن

**رووداوی وەرزشی ـ DW**

بڕیارێکی دۆناڵدۆ ترەمپی سەرۆکی نوێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کاریگەرییەکی خراپ دەکاتە سەر خولی باسکەی یاریزانە پیشەگەرەکان ئەمریکای ناسراو بە NBA، کە یەکێکە لە پڕجەماوەریترین یارییە وەرزشییەکان لەو وڵاتە.

ئەو بڕیارەی ترەمپ داویەتی سەبارەت بە 7 وڵاتی ئیسلامی، کە رێگە نادات هاووڵاتیانیان بچنە ئەمریکا و تەنانەت ئەوانەی لەوێش نیشتەجێن و بەرەگەز خەڵکی ئەو وڵاتانەن، ئەگەر لە ئەمریکا دەربچن بۆیان نییە بگەڕێنەوە، هەڕەشەیە لەسەر بێبەشبوونی خولی باسکەی پیشەگەرەکانی ئەمریکا لە تواناکانی چەندین یاریزانی بەتوانا، کە خەڵکی ئەو وڵاتانەن.

ئەم بڕیارە هەردوو یاریزانی بەناوبانگی بەڕەگەز سوودانی، تۆن مایکەری یاریزانی یانەی میلۆکی و لۆ دینگی ئەستێرەی یانەی لۆس ئەنجلۆس لیکەرز دەگرێتەوە، بەجۆرێک ئەگەر یەکجار گەشتی دەرەوەی ئەمریکا بکەن بۆیان نییە بگەڕێنەوە ئەو وڵاتە. ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆربەی یاریزانانی NBA لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا لەدژی ترەمپ پشتگیری هێلاری کلنتنی کاندیدی دیموکراتەکانیان دەکرد.

بێجگە لە باسکە، ئەم بڕیارە هەڕەشە لە محەممەد فەرەحی راکەری بەناوبانگی بەریتانیی بەڕەگەز سوومالیش دەکات، کە لەگەڵ خێزانەکەی لە ئەمریکا دەژیت، بەڵام تازە بۆی نییە لەو وڵاتە دەربچێت و بەشداری لە خول و پێشبڕکێکانی دەرەوەی ئەمریکا بکات، ئەگەرنا جارێکی دیکە چاوی بە ژن و منداڵەکانی ناکەوێتەوە.



## بچێتە هەر یانەیەک بردنەوەی لەبیر دەچێتەوە..

# 32 یارییە تامی بردنەوەی نەکردووە



**رووداوی وەرزشی ـ Sport**

دوای گواستنەوەی بۆ تیپی میدلزبرە و هاتنی لە ئەستۆن ڤێلا، 2 هەفتە پێش ئێستا بەرامبەر بە 7 ملیۆن یۆرۆ، هێرشبەری بنینی، رۆدی گیستیدی لە یەکەم یاری دوای گەڕانەوەی بۆ پریمەرلیگ بەشداری کرد، ئەویش بەرامبەر واتفۆرد بوو لە گەڕی 21.

لەو یارییەدا، دوای دابەزینی وەک یاریزانی یەدەگ، گیستیدی هەوڵیدا یارمەتی تیپە تازەکەی بدات بۆ بردنەوە، بەڵام ئەنجامەکە وەک خۆی مایەوەو بە یەکسانبوون بەبێ گۆڵ کۆتایی هات. لە ئامارێکی شەرمەزارنەشدا، گیستیدی ئەستێرەی پێشووی بلاکبێرن رۆڤەرز، بووە یەکەم یاریزان لە پریمەرلیگ زۆرترین یاری لە دوای یەک ئەنجام بدات و هیچ یارییەکیش نەباتەوە، کە تاوەکو ئێستا لە 32 یاری لە دوای یەکدا تامی بردنەوەی نەکردووە.

ئەو ئامارە درێژکراوەی وەرزەکانی رابردووە، ئەوکاتەی لەگەڵ تیپەکەی ئەستۆن ڤێلا دابەزییە ریزی یانە پلە یەکەکان، لە یەکەم یاری سەرکەوتنی بەدەستهێنا، پاشان بردنەوە لە 31 یاری لێی تۆرا، لە 25 یاری دۆڕاوەو لە 6 یاریش یەکسانبووە.

### پێشبڕکێ



به کورترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

سەروەر عەبدوڵڵا لە رزگاری

بە لێدوانی:

(سەرم سوڕماوە، لەو راهێنەرە داماوە)

ژمارە ( 435 )
سێشەممە 2017/1/31

## LOTTO 1

### پەنجاو پێنجەمین پێشبڕکێ

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی)ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..............................

مۆبایل : ..............................

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە






هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە

رووداو هەمووما گەنجتر دەکاتەوە

RÛDAW
(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات
www.rudaw.net
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ـ ژیرۆ عەبدولرەحمان